سەرکی هەرەم پرسە و سەرخۆشی ئاڵاستەی بنەماڵەی قوربانیانی حەمدانییە کرد



نەچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرەمی کوردستان پرسە و سەرخۆشی ئاڵاستەی بنەماڵەی قوربانیانی ڕووداوی ئاگرکوتنەوەی شاری حەمدانییە کرد و لە پەیامەکدا ڕایگەیاند، "پرسە و سەرەخۆشی و هاوسۆزی و هاوخەمیی قووم پێشکەش بە خێزان و کەسوکاری ئەو قوربانییانە دەکەم کە شەوی ڕابردوو لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا لە هۆکی بنەکان لە قەزای حەمدانییە، گیانیان لەدەستدا و بریندار بوون". هەروەها وتی: هیوای زووچاکبوونەوە بە بریندارانو بەرکەوتووان دەخوازین، لەم کاتەسەختو بە ئازارەدا، بیر و خەیاڵمان لای ئەوانە و ئامادەی هەموو یارمەتیدان و هاوکارییەکین.

لە هەمان کاتدا، مەسعود بارزانی سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە توێتکدا نووسیویەتی، "بە دڵتەنگییەکی زۆرەوە هەواڵی ئاگرکوتنەوەی ناوچەی حەمدانییەم پێگەیشت کە بووە هۆی مردن و بریندار بوونی سەدان هاوڵاتی، هەروەها هاوخەمی خۆم بە بنەماڵەی قوربانییەکان ڕادەگەیەنم و لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە بە خێرا چاکبوونەوەی بریندارەکان".